لەسەرەتای مانگی دە بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات

ئەمە سەشمەم، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن ڕایگەیاند: سەرەتای مانگی ١٠ بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، لە هەرێمی کوردستان و عیراق دەستپێدەکات.

 حەسەن هادی زایر وتەبێژی دەستەی ڕاگەیاندن لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە لەدوانەکدا ڕایگەیاند، ئامادەکارییەکان بە بەڕێوچوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە کاتی خۆیدا بەردەوامن و کۆمسیۆن هیچ نیازێکی نییە جارێکی تر دەرگای نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بکاتەوە.

 هاوکات، بەبێ ئەوەی ڕژێکی دیاری بکات ئاماژەیبەوەدا،کاتی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم واتە سەرەتای مانگی ١٠ دەبێت.

 بەیارە لە ١١ ی ١١ی ٢٠٢٥ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەڕێوبچێت و چاوەڕوان دەکرێت مانگێك بانگەشەی هەڵبژاردن بەردەوام بێت.